# کابولی

رابنیت رانات تاگۆر

و: حەمە ڕەسوڵ حەسەنپوور

کیژە پێنج ساڵانەکەم (مینی) ناتوانی بێ بۆڵە بۆڵ بژی، دڵنیام ئەو لە هەموو ژیانیدا ساتێک بێدەنگ نەبووە، دایکی هەمیشە لەم بابەتەوە تووڕەیەو هەوڵدەدا پێش بە بۆڵە بۆڵەکەی بگرێ، بەڵام من بەهیچ کلۆجێ لەم بیرەدانیم، بۆ (مینی) بێدەنگبوون ناسروشتییەو منیش ناتوانم ئەو بەبێدەنگو کرۆکپی ببینمو هەر بۆیە هەمیشە پەیڤەکانم لەگەڵیدا زیندووە.

مەسەلەن، ڕۆژێکی بەیانی کاتێ بەشی حەڤدەیەمی ڕۆمانە نوێیەکەم دەنووسی. مینی بچکۆلە بەدزییەوە بۆ ژوورەکەم هاتو لە کاتێکدا دەستی لە نێودەستمنا وتی:

- باوکە! دەرکەوانەکەمان (ڕامدایال)[١] بەقالاو دەڵێ (کالاو)!. زۆر نەخوێندەوارە، وەنا! هیچ تێناگات!

بەر لەوەی من بتوانم جیاوازیی زمانەکانی خەڵکی دونیای بۆ شیبکەمەوە، بێ ساتێک بێدەنگبوون قسەکەی گۆڕیو چووە سەربابەتێکیترو وتی:

- بەڕاست تۆ چۆن بیردەکەیتەوە باوکە؟ (بەهولا) دەڵێ لە نێو هەورەکاندا فیلێکی گەورەو زەبەلاحی لێیە بەلمبۆزی ئاو دەپرژێنێو هەر بۆیە باران دەبارێ.

ئێستا وەڵامێکم بۆ ئەو پرسیارەی نەدۆزیبۆوە چووە سەربابەتێکی ترو پرسی:

- باوکە، دایکە چی تۆیە؟

ئاخرەکەی ناچار بووم بەقیافەیەکی لێبڕاوانە پێیبڵێم:

- مینی گیان، بچۆ لەگەڵ (بەهولا)[٢]دا یارییکە، چاوت لێیە من چەندەم ئیش هەیە.

پەنجەرەی ژوورەکەم بەرەو شەقام دەبێتەوە، مینی لە پەنا مێزی نووسینەکەم لەسەر کۆشم ڕۆنیشتبوو، لەسەرخۆ گەمەی دەکردو بەپەنجە بچکۆلانەکانی پتەی لە ئەژنۆی دەدا، من بەتوندی غەرقی نووسینبووم.. بەشی حەڤدەیەمی چیرۆکەکەم بوو، گەیشتبوومە ئەو جێیەی پاڵەوانی چیرۆکەکە بەناوی (پرا تاب سینگ) تازە هاوسەرەکەی (کانچانلاتا)[٣]ی لەسەر دەستانی بەرزکردبۆوەو دەیەویست لە پەنجەرەی قاتی سێیەمی ئەو قەڵایەی تێیدا بەندکرابوو بەهەڵاتن بدات، لە پڕ مینی لەسەر کۆشم خۆی فڕێدایە خوارەوەو هەڵات بۆ لای پەنجەرەکەو هاواریکرد:

- ئا های کابولی! ئا های کابولی!

کاتێ سەرم بەرزکردەوە پیاوێکی ئەفغانیم بینی، لەسەرخۆ بەقەراغ جادەکەدا گوزەریدەکرد، قاتێ جلی شڕی ئەفغانی لەبەردابوو، باڵای بەرز، کیسەیەکی گەورەی بەکۆڵەوە بوو، چەند قوتووی تریشی لەدەستیدابوو.

نازانم کیژەکەم (مینی) بەدیتنی ئەو دووچاری چ هەستێک بووبوو، بەڵام کاتێک بەدەنگی بەرز هاواریکردو بانگی کرد لە دڵی خۆمدا وتم: (ئەی وای، ئێستا ئەو پیاوە دێتو من قەت ناتوانم بەشی حەڤدەیەمی کتێبەکەم تەواو بکەم)، ڕێک لەم ساتەوەختەدا کابولییەکە ئاوڕی دایەوەو چاوی لەلای پەنجەرەکە کرد، بەڵام هەر کە کچەکەم چاوی بەدەمووچاوی ئەو کەوت بەتوندی ترساو بەغاردان لە ژوورەکە بۆ دەرەوە چوو و پەنای بۆ ئامێزی دایکی بردو تازە زانیم ئەو وایزانیوە پیاوە ئەفغانییەکە لەو کیسەی بەکۆڵییەوەیەتی سێچوار منداڵی دزیونو شاردونیەوە.

بەهەرحاڵ ساتێ دواتر میوە فرۆشە ئەفغانییەکە هاتە ژوورەوەو لە کاتێکا بزەی دەهاتێ، سڵاویکرد. ڕەوشی پاڵەوانەکانی ژنو مێردی چیرۆکەکەم هێندە نالەباربوو کە بەباشم زانی دەست لە نووسینی هەڵگرم، چونکی کیژەکەم بانگیکردبوو شتێکی لێبکرم. هێندێکم شت لێکڕیو سەری قسە بۆوەو دەستمان بەگفتوگۆ کرد سەبارەت بەعەبدولڕەحمانی مەراکیشی، ڕووسەکان، ئینگلیسو سیاسەتەکانیان

له بەرەكانی جەنگدا.
كاتێ هەستا بڕوات پرسی:
- ئەی ئەو خاتوونە بچكۆلەیە چوو بۆ كوێ؟
من بۆ ئەوەی (مینی) لەو ترسە بێجێیەی داوێنی گرتبوو، دەربازی بێت، چووم‌و هێنامە ژوورەوە.
مینی لە پەنا كورسییەكە وێستا، لە كابولی‌و ئەو كیسەی بەپشتییەوەبوو ڕاما، كابولی مێوژو گوێزی بۆ ڕاداشت، بەڵام كچەكەم وەرینەگرت‌و زیاتر خۆی پێوە نووساندم، دیاربوو تا ئێستاش شكو دوودڵییەكەی نەڕەویوەتەوە.
ئەمە یەكەمجار بوو ئێمە كابولیمان دەدی، چەند ڕۆژ دواتر كاتێك بەیانی لە ماڵ دەچوومە دەرەوە، زۆر سەیرم پێهات، چونكی (مینی)م دی لە بەر دەرگا لەسەر ڕەحلەكە دانیشتووەو لەگەڵ پیاوە كابولییەكەدا كە لەسەر زەوی هەڵتروشكابوو بەیەكەوە دەپەیڤین‌و پێدەكەنین، بەبڕوای من كیژە بچكۆلانەكەم لەهەموو ژیانی جگە لە من بیسەرێكی تری بەم سەبروسیكەدانەیە نەبووە، كاتێ سەیرم كرد بینیم كۆشی پڕی مێوژو گوێزكردووەو گرێی داوە، ئەم پێشكەشییەی پیاوە كابولییەكە پێی دابوو، ئەو كات پێموت:
- بۆچ زەحمەتت كێشاوەو ئەم هەموو خواردنەت بۆ كیژەكەم هێناوە.
بێ ڕاوەستان دەستم لە گیرفان ڕۆكردو سكەیەكی هەشت عانەییم دەرهێنا، ئەو بێ چاولێكردن سكەكەی لێ وەرگرتم‌و لەگیرفانی خست.
بەداخەوە سەعاتێك دواتر كاتێ بۆ ماڵ گەڕامەوە زانیم ئەو سكە قدوم ناموبارەكە، بارتەقای نرخەكەی كێشەی ناوەتەوە، چونكی كابولی دابوویەوە بەمینی‌و دایكی كیژەكەم بەبینینی سكەیەكی تیشكدار لە دەست ویدا بەتوندی توورە ببوو پرسیاری لە منداڵەكە كردبوو:
- پێم بڵێ ئەم سكەیەت لە كوێ بووە؟
مینی بەپێخۆشحاڵییەوە وەڵامیدابۆوە:
- كابولی ئەم سكەیەی پێداوم، دایكە.
دایكی نەڕاندبووی:
- كابولی ئەم سكەیەی بەتۆدا؟ چاوم ڕۆشن، ئاخ مینی چۆن ڕێگەت بەخۆتدا پارە لەم پیاوە وەربگری؟
ڕێك لەم ساتەوەختەدا بوو من چوومە ژوورو بۆ ڕزگاركردنی كیژەكەم لەم شەرگە هەڕەشە ئامێزە وتم: مینی لەسەر ڕەزامەندی من ئەم پارەیەی لەو پیاوە وەرگرتووە.
بەزوویی زانیم پیاوە كابولییەكە بەنواندنی میهرەبانی‌و پێدانی مێوژو گوێزی زۆر بەكچەكەم ترسەكەی وی ڕەواندۆتەوەو هەردووكیان بەیەكەوەبوونە برادەر، بەیەكەوە گاڵتەو گەپی بەتام‌و چێژیاندەكردو پێدەكەنین‌و سەرقاڵبوون، هەركاتێ دەهات مینی لەڕووبەڕووی ڕۆدەنیشت‌و لە كاتێكا چاوی دەبڕییە قەڵافەتی برادەرەكەی بەخۆشحاڵی پێدەكەنی‌و بەدەنگێكی شیرین دەیوت:
- باشە كابولی گیان! پێم بڵێ بزانم چیت لە توورەكەكەتدا هێناوە؟
ئەو بەزاراوەی ناوچەیی كە تایبەت بەخەڵكی چیانشینە وەڵامیدەدایەوە:
- ئەمڕۆ لە توورەكەكەمدا فیلێكم هێناوە.
من لەوەی كە كیژە بچووكەكەم لەگەڵ پیاوێكی بەساڵاچوو تا ئەم ڕادەیە بۆتە برادەر چێژم وەردەگرت‌و هەستمپێدەكرد لەم برادەرایەتییە گیانی بەگیانییەدا شتێكی دڵگرو قەشەنی تێدایە.
ئەوجار نۆرەی پرسیاری كابولی دەهات‌و بەدەنگێكی میهرەبانی ئامێزەوە دەیپرسی:
- باشە بچكۆلانەكەم، پێم بڵێی بزانم كەی بەنیازی بۆ ماڵی باوكی شووەكەت بچی؟

گەرچی لەگەڵ کیژانی بەنگالیدا زۆر زوو لەمەڕ باوکی مێردو ماڵەکەی دەدوێن، بەڵام منو خێزانم زۆرمان حەز لەم ڕەسمو یاسایە نەبوو و هەوڵماندەدا تا ئەو جێیەی بکرێ کچەکەمان لەم چەشنە قسانە بەدووربگرین. بەم هۆیەوە، مینی بێئەوەی بزانێت باوکی مێرد (خەزوور) چ واتایەکی هەیە بەدەنگی بەرز پێدەکەنی‌و دەیگوت:

– ئەگەر خەزوور شتێ باشە ئەی بۆ خۆت ناچییە ماڵی خەزوورت؟

بەڵام لە نێوان خەڵکی هاوچینی پیاوە کابولییەکە، ماڵی خەزوور دوو واتا دەبەخشێت:

یەکیان، واتا سەرەکییەکەی‌و ئەویتر بەندیخانە، واتا ئەو جێیەی بێبەرامبەر خواردن بەمرۆڤ دەدەن‌و ئاگاداری لێدەکەن، پیاوە کابولییەکەش ماڵی خەزوورانی بەم واتایە دەگرت‌و دوای بیستنی ئەم پرسیارە پەنجەکانی دەکردە مشتەکۆڵەو بەرەو پۆلیسی خەیاڵی ڕایدەوەشاندو هاواریدەکرد:

– من باوکی مێرد بەمت دەکەمە پرپۆڵەم و جووڵەی دەستی ئەو لەگەڵ ئەم ڕستەیەدا دەبوو بەهۆی پێکەنینی توندی کیژەکەم‌و لە دەمووچاوییەوە دیاربوو غەرقی خۆشی‌و چێژوەرگرتنە.

ئەو ڕۆژانە پاییز بوو، واتا وەرزی سەرکەوتنی پادشایانی دێرین، من بێئەوەی لە جێگەکەم کە کلەتە بجووڵێم لەو سووچە دوورکەوتووەوە بەیارمەتی ئەندێشەو بیرکردنەوەم گشت دونیام دەهێنایە بەرچاوم‌و هەموو جێیەکم دەدیت، لە نێو دونیای خەیاڵاتا بۆ هەرێمەکانیتر دەچووم‌و لە دڵەوە بۆ سەیری جوانییەکانی ئەو هەرێمانەو ئەو خەڵکەی لە شارەکاندا لە هامووشۆدابوون دەچووم‌و لە خەون‌و خەیاڵی دووردرێژ نغرۆ دەبووم: دەشت‌و چیاو دۆڵ‌و دارستانە وەحشییەکان ئەو هەرێمانە بەکۆلیتی بچووکی لادێی‌و ژیانی ئازادو بێبەستنەوە ئەو کەسانەی ژیانیان تێدا دەکرد، دەمدی. دیمەنی گەشت‌وگوزاری ئەو کاروانانەی بەئارامیی دەجووڵان لە بیروهزرمدا- کە ژیانی گیانەوەران وەک گەشەی ڕووەکی سروشتی دەزانم- وەک

تۆفانێک هەموو شتێک لەگەڵ خۆیدەبات، بەزیندوویی دێنمە بەرچاوم.

بەبوونی وەها هێزێکی بیرکردنەوەو هەستپێکردن، هەر کاتێ بەلای ئەو پیاوە کابولییەوە بووم دەتگوت دەستی بەبێ ڕاوەستان بەرەو چیا سەرکەش‌و کوێرە ڕێگاکانی بەنێو تاشە بەردە زەبەلاحەکاندا دەڕواو دەگاتە لووتکە سەرکەشەکان، دەمبات‌و لەم کاتانەدا کاروانی وشترانم دەدی کە بەکاڵای قورسی بازرگانی کە چەکەکانیان بەدەستەوەگرتووەو بەرەو دەشت بۆی شۆڕدەبنەوە، بەڵام بەهەڵکەوت ئەو کاتەی لەوەها خەون‌و خەیاڵی شیریندا نقوم دەبووم، دەنگی دایکی مینی لەو جیهانە دەریدەخستم‌و بەدەنگێکی مەرجدارەوە دەیگوت:

– چاو، چەندجارە دەڵێم ئاگات لەم پیاوە ئەفغانییە بێت!

بەدبەختانە دایکی مینی ئافرەتێکی چاووگوێ بەستراوو زۆر شەرمنە، بەم واتایە هەرکاتێ دەنگێ لە کۆڵانەوە دەبیستێ یان یەکێ بەدیدەکات کە بەرەو ماڵماندێ وابیردەکاتەوە دز یان سەرخۆش یان بەبرو ماری لێرەوار هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەمان‌و بەم هۆیەشەوە بوو بەنیسبەت کابولییەکە هێندە بەشکو گومان بوو و هەموو ڕۆژێ جەختی دەکردەوە ئاگام لێی بێت.

بەڵام کە من هەوڵمدەدا ئەم ترس‌و تۆقانەی بەڕووی خۆش‌و لێوی بەبزەوە برەوێنمەوە تووڕەتر دەبوو بەچەشنێکی جیدی‌و پرسیار ئامێزەوە دەیپرسی:

– چما نابینی چەندە منداڵ دەدزن؟ گەلۆ باوەڕناکەی ئێستاش لە کابول دەستووری کۆیلەداری باوە؟ داخوا بەلاتەوە دوورە کە ئەم زەلامە زەبەلاحە ڕۆژێک بتوانێ بەسانایی منداڵە بچووکو لاوازەکەمان بدزێ؟

من هەمیشە لە وەڵامدا دەمگوت:

– دیارە ئەوەی تۆ دەیڵێی ناممکین نییە، بەڵام زۆر دوورە.

بەڵام ئەمە کافی نەبوو بەهیچ کلۆجێ ڕازی نەدەکردو هەروا بەلاساری‌و سەرسەختی لەسەر ڕای خۆی

سووربوو، بەم حاڵەو لەگەڵ ئەوەیدا تا ئەم ڕادەیە پێی لەسەر بیرو بڕوا خەیاڵییەکەی دادەگرتو نەیدەتوانی پێش بەهاتنی ئەو پیاوە کابولییە بۆ ماڵمان بگرێت، برادەرایەتیمان لەگەڵ ئەم پیاوەدا بەگەرمییو زۆر گیانی بەگیانی بەردەوامبوو.
ڕەحمانی کابولی ساڵی جارێک لەنێوەڕاستی مانگی جەنیڤەریدا بۆ وڵاتەکەی دەچۆوەو کاتێ بەرواری ئەم سەفەرە نزیکدەبۆوە زۆر گرفتارو مەشغوولبوو. هەموو ڕۆژێ ماڵەوماڵیدەکرد بۆ ئەوەی حەسیبەکانی پاکبکاتەوە. بەم حاڵەشەوە دیسانەوە هەلی بۆ دەرەخسا بۆ دیدەنی منوو مینی بێت.
خەڵکی قسەی فرەیان لە بارەیدا دەکردو دەیانگوت بێشک فێڵو تەڵەکەیەکی لە ئیشەکەیدا هەیە کە ئەگەر ڕۆژێکی بەیانی نەتوانێت بۆ دیدەنی مینی بێ، ئێوارەکەی هەرچۆنێ بووە خۆی بەماڵەکەماندەگەیەنێت.
تەنانەت بۆ منیش هێندێ سەرسووڕهێنەربوو، جاروبار دووچاری شکو گومان دەبووم لەوەی دەمدیت ئەو پیاوە باڵابەرزە بەو توورەکەی بەشانییەوەیە تەنیا بۆ دیدەنی کیژە بچکۆلانەکەم دەهاتە ئەوێو لە سووچێکی ئەو ژوورە تاریکەدا لەگۆشەیەک دەخزا، بەڵام هەر کە مینی بەپێکەنینەوە بۆ ژوورەکە دەهاتو بەخۆشحاڵییەوە هاواریدەکرد (کابولی گیانم، ئاخرەکەی هاتی!)و خۆیدە ئامێزی داویشت هەستم بەئارامیو بڕوابەخۆبوون دەکرد.
چەند ڕۆژ بەر لەوەی بڕیاری ڕۆیشتن بدات لە ژوورەکەم مژوڵی پێداچوونەوەی بەرنووسی یەکێک لە نووسراوەکانم بووم، هەوانماویو فێنک بوو، تیشکی خۆر لە پەنجەرەکەوە لە قاچو ئەژنۆیدەدام. نزیکەی سەعات ٨ هەشت بوو، خەڵک پۆل پۆل بۆ ماڵەکانیان دەگەڕانەوە لە پڕ هەراوهوریای بەرزم لە شەقامی ڕووبەڕوو بیست، کاتێ سەیری خوارەوەم کرد دیم دوو پۆلیس ڕەحمانی کابولییان لە نێوان خۆیانگرتووەو دەیبەنو بەدوایاندا لافاوی منداڵی کووچەو خەڵکی بێکارو بێئیش لە جمووجۆڵدان.
جلەکانی خوێناوی بوونو یەکێ لە پۆلیسەکانیش کێردێکی خوێناوی بەدەستەوە بوو.
بەپەلە بۆ دەرێ هەڵاتمو یەکێک لە سەیرکەرانم ڕاگرتو پرسیاری ڕووداوەکەم لێکرد. هەرکەسەو شتێکی دەوت تا دواجار لە کۆی قسەکان بەم ئاکامە گەیشتم کە یەکێ لە کڕیارەکانی کابولی شاڵێکی کڕیوەو پارەکەی نەداوەتێ، دوای چەند ڕۆژ کە کابولی بۆ پارەکەی چووە پیاوەکە حاشای لە کڕینی شاڵەکە کردووەو لە ئاکامدا کێشەیەکی توندیان لە نێواندا ڕوویداوەو کابولی بەکێردەکەی ئەوی زامدار کردووە.
لەم کاتەدا لە پڕمینی بچکۆلانەم بۆ هەیوانەکە هەڵاتو بەتاسەوە هاواریکرد:
– ئەی کابولی گیان! ئەی کابولی گیان!
هەرکە ڕەحمان ئاوڕی دایەوەو چاوی بەمینی کەوت، دەمووچاوە توورەو ماندووەکەی بەڕووناکییەکی هیواو خۆشحاڵی ڕۆشنبوو، بەڵام لەو حاڵەدا توورەکەی بەکۆڵەوە نەبوو تا بتوانێت سەبارەت بەو فیلەی تێیدا حەشارداوە لەگەڵ کچەکەمدا بپەیڤێتو کاتێ کیژەکەم بەسادەییو بێتاوانی پرسی:
– کابولی گیان ئەوە دەچییە ماڵە خەزوورانت! ئەو بزەیەکی خەماوی کردو وەڵامیدایەوە:
– ئەرێ بچکۆلەکەم، ڕێکدەچمە ئەو شوێنەی وتت.
بەڵام چونکی زانی وەڵامەکەی منداڵەکەی نەساچاندووە دەستەکەلەپچەکراوەکانی بەرزکردو لە هەوادا ڕایوەشاندنو هاواریکرد:
– ئاخ کە چەند حەزم دەکرد خەزوورەم لە ناوبەرم! بەداخەوە دەستم بەستراون!
بەمچەشنە ڕەحمانی کابولی بەتاوانی هەستان بەجینایەت چەند ساڵ بەندکرانی بۆ بڕایەوە.
چەند مانگ گوزەراو ئێمە ئەومان بیرچۆوە، ژیانی هەمیشەییمان لەو ماڵە هەمیشەییە بەردەوامبوو و ئیتر بیری ئەو چیا نشینە بێ فیزە کە چەند ساڵی تەمەنی لە پشت میلەی بەندینخانەدا بەسەربرد، کەمتر بەبیرماندا دەهاتو من شەرم دەکەم بڵێم تەنانەت مینی دڵپاکو میهرەبانیش برادەرە دێرینو

گیانیبەگیانییەکەی بەتەواوی لەبیرکرد، دۆستو برادەری نوێ جێگەی ئەویان پڕکردەوەو دەوریانگرتبوو. هەرچی گەورەتر دەبوو کیژوکاڵی زۆرتر لەگەڵیدا دەبوونە برادەرو هێندە سەرقاڵی ئەوانبوو ئیتر بۆ ژووری منیش نەدەهات، تا ئەو جێیەی بەدەگمەن هەلێکم بۆ دەرەخسا چاوم پێی بکەوێ.
چەند ساڵ تێپەڕیو جارێکیتر پاییز هات، ئێمە سەرقاڵی ئامادەکاری سەرەتای زەماوەندی (مینی) بووین. بڕیاربوو ڕۆژی زەماوەندەکەی لە ڕۆژی جەژنی (پوجا)دا ئەنجام بدرێت. بەچوونی مینی خۆشەویست بۆ ماڵی مێرد، دایکو باوکی لە تاریکایی ڕەهادا نغرۆدەبوونو ڕۆشنایی ماڵەکەمانی جێدەهێشت.
سپێدەیەکی ڕۆشنبوو، دوای بارانێکی دوورودرێژ، وا دەهاتە بەرچاو هەواکەیان شووشتووەو بریقەداریان کردووە، ڕووناکی ڕۆژ وەک ئاڵتوونی تواوە لەگشت جێگەیەک دەدراو هێندە بریقەداربوو کە تەنانەت خانووەکەمان لە ژێر ڕۆشناییەکەیدا دەدرەوشێت. لە کازیوەی بەیانییەوە ئاوازی تایبەتی بووک گواستنەوە دەستپێکردبوو و لەگەڵ ئەو ئاوازەدا دڵی منیش لێی دەدا، هەروا بزانە ئەم ئاوازە کە ناوی ((بەهاراوی) بوو دەردی جودا بوونەوەی کچەکەمی لە دڵمدا زێدە تر دەکرد. ئەو شەوە مەراسیمی بووکێنی (مینی) قەشەنگم بوو. لە بەیانی زووە هاموو شۆ و دەنگە دەنگ لە ماڵێدا دەستپێکردبوو، مەنجەڵی خوادنیان وەسەر ئاگر دەنا، قەندیل و سومدانی ئاڵتونییان لە ژوور و هەیوانێ هەڵدەواسی و هەموو لایەک بە پەلە بەم لاوبەولادا هەڵدەهاتن، من لە نووسینگەکەم دانیشتبووم و بە تەماشای ئیشووکار و هەڵات هەڵاتی خەڵکی ماڵێوە مەشغووڵ بووم. لە پڕ یەکێک هاتە ژوورەوە و بەڕێزی زۆرەوە سەلامی کردو لە ڕووبەڕووم دانیشت، کاتێ سەرم وەرگێڕا ڕەحمان کابولیم لە ڕووبەڕووی خۆمدی! لە پێشدا نەمناسییەوە چونکە نە توورەکەی بە کۆڵەوە نە قووتووی بە دەستەوە بوو. جگە لەمە قژە درێژەکانیشی کورت کردبۆوە. وێنەی پێشووی بە تەواوی گۆڕا بوو، بەڵام هەر کە بزەیەکی کرد ناسیمەوە بە خۆشحاڵییەوە هاوارم کرد!
ڕەحمان کەی هاتی؟
وەڵامیدایەوە:
دوێ شەوێ لە بەندینخانە ئازاد کرام.
بیستنی و وشەی بەندینخانە بە توندی جوڵاندمی، پێشتر قەت قسەم لەگەڵ کەسێکی برادەرەکەی بە چەقۆ بریندار کردبێ، نەکردبوو.بە دیتنی دڵم بە قەووە لەرزەکەوت چونکی هەستم پێکرد ئەگەر ئەو نەهاتبا. زەماوەندێکی خۆشترمان ساز دەکرد.
بەهۆی ئەم هەستەوە بە ناڕەحەتی پێمگوت!
کابولی، ئەمڕۆ مەراسیمێک لێرە ساز دەکرێت ومن زۆر گرفتارم، واباشترە ڕۆژی دواتر بێی، بێ ڕاوەستان گەڕایەوە بۆ ئەوەی بڕوات، بەڵام کاتێ گەیشتە بەردەرگا هەڵوێستەیەکی کرد و وتی:
ئاغا، داخۆ ناکرێ ((مینی)) بچکۆلە بۆ ساتێک ببینم؟ بێچارە وایدەزانی (مینی) ئێستاش هەروا بچووکە و وای دەهاتە بەرچاو ئێستاش هەر کە چاوی پێبکەوێ بۆ لای دێ و هاوار دەکا: «کابولی گیان، کابولێ گیان) هەروەها وایبیردەکردەوە ئێستا وەک ساڵانی پێشوو هەروا بێ دڵە ڕاوکێ دابنیشێ و چەند سەعات لەگەڵیدا بدوێ و پێبکەنێ، بە یادی بیرەوەرییە لە دەست چووەکانی ئەو کات هێندێکیشی مێوژو گوێز بۆ کچەکەم کڕیبوو یان بە قەرز وەریگرتبوو، هێنابووی، چونکی دەمزانی پارەیەکی پێنەبووە تا شتێکی پێبکرێت...
لە وەڵامیدا جارێکیتر وتم!
ئەمڕۆ مەراسیمێک لێرە دەکرێ و نالوێ لێرە چاوت بە کەس بکەوێت، سەری داخست، ماوەیەک بە خەم و بێهیواییەوە لە دەمووچاوم ڕاماو ئەو جار بە دەنگێکی لەسەر خۆ و بە مەحزوونی وتی:

زۆر باشە، ئێستا کە وایە منیش دەڕۆم، خوات لەگەڵ!

بێ ڕاوەستان بۆ دەرەوە چوو.

کاتێ ڕۆیشت زۆر ناڕەحەتبووم، هەستمپێکرد حەز دەکەم بانگی بکەمەوە، بەڵام بێئەوەی شوێنی بکەوم گەڕایەوە و دوای ئەوە بە تەواوی نزیکم بۆوە، دەسرۆکەی خواردنەکانی دەرهێنا و بۆی ڕاداشتم ووتی:

ئەوانەم بۆ (مینی) هێناوە شایانی نییە، بۆم هەیە تکات لێبکەم بیدەیتێ؟

دەسرۆکە گرێدراوەکەم لێوەرگرت ویستم پارەکەی بدەمێ بەڵام دەستمی بەولاوە برد وتی:

ئاغا تۆ فرە میهرەبانی، منت لە بیر بێت، پارەم مەدەیە! چونکێ تۆ کچێکی بچووکت هەیە، منیش کچێکی هاوشێوەی ئەوم لە وڵاتی خۆم هەیە، ئەو دیارییانە بە یادی کچەکەم بۆ کیژەکەی ئێوە دەهێنم نەک بۆ ئەوەی سوودێکم بێبگات. لەگەڵ وتنی ئەم قسانەدا دەستی بۆ گیرفانی عەبا درێژەکەی برد پەڕە کاغەزێکی چڵکن و قەد نەکراوی دەرهێنا و و بەڕێزەوە لەسەر مێزەکەی ڕووبەڕوومی ڕۆنا، لەسەر ئەم کاغەزە جێ پەنجەیەکی بچووک دەبیندرا. وێنە نەبوو، بە دەستیش نەکێشرا بوو. تەنیا نەخشی دەستێکی مەرەکەباوی بوو لەسەر کاغەزەکە بڵاو ببۆوە، ئەو ئەم نەخشەیەی دەستی کیژەکەی بە ماوەی ئەو ساڵانەی بۆ کەلکەتە بۆ مێوژ و گوێز فرۆشتنی لە کووچە و کۆڵانەکاندا دەهات، لە گیرفانیدا هەڵیگرتبوو و لەسەر دڵی خۆی دایدەنا.

چاوم پڕ لە ڕۆندکبوو، بە تەواوی فەرامۆشمکرد، ئەو میوە فرۆشێکی بێنەوای کابولییە، لە کاتیکاس، بەڵام نا. چما من چیم لەو زیاتربوو؟ چما ئێمە هەردووک باوک نەبووین؟

دیتنی نەخشی کچە بچکۆلەکەی لە داوێنی چیا دوورەکانی وڵاتیکیتردا دەژیا بیری کچەکەم (مینی) ی خستمەوەو بێ ڕاوەستان ناردم بە شوێنیدا بۆ ئەوەی بێت. دیارە ئەم کارە موشکیلەی زۆری دروستدەکرد، بەڵام هەموویانم نا دیدەگرت، ساتێک دواتر (مینی) کە جلە سوورەکانی بووکێنی پۆشیبوو خاڵێکی گەورەشی لە تەوێڵی نابوو، ڕێک چەشنی بوکێکی جوان و خانوومان وە ژوورکەوت و بەشەرمنییەکی وەسفنەکراو لە ڕووبەڕووومدا وێستا.

کابولی لە دیتنی ئەم ڕوانگەیە داچڵەکی و ماوەیەک بە چاوی بزەوە لە کچەکەم ڕاما و ئەمجار سەیر کردنە خەمبارەکەی دەریخست بە جوانی هەستی پێکردووە کە زیندووکردنەوەی یادەوەرییە بێغەل و غەشەکانی پێشوو نەشیاوە. دواجار بزەیەکی کرد و لە کاتێکا لێوی دەلەرزی و چاوی پڕ ئەسرین بوو بوو بە دەنگی لەرزۆک و بە پرمەوە وتی:

- بچکۆلەکەم، ئایا دەتەوێت بۆ ماڵی خەزوورەت بچی؟ بەڵام (مینی) کە ئێتر واتای باوکی مێردی بە باشیدەزانی و نەیدەتوانی وەک پێشوو وەڵامی بداتەوە، هەر کە ئەم پرسیارەی بیست گۆنای لە شەرمان سوور هەڵگەڕا، دەمووچاوە قەشەنگ و فریشتە ئاساکانی لە بەرامبەر ئەوا خوار کردەوە و سەریدانەواند.

ئەمجارەیان من بێئەوەی بە خۆم بزانم کەوتمە یادی یەکەم دیداری پیرە پیاوە کابولییەکە و کیژەکەم و دڵم پڕ لە خەمباری بوو. کاتێ مینی بۆ دەرەوە چوو، ڕەحمانی کابولی ئاهێکی قووڵی کێشا و دوو دڵۆپ ئەسرین کەوتە سەر ڕیشە ماش و برنجییەکەی، سەرتاپا لەرزی و لەسەر کەفی ژوورەکە ڕۆنیشت. هەستمکرد ئەم بیرەی بۆ هاتوتە پێش کە بێشک کچی ئەویش لەم ماوە دوور و درێژەی لە زێدی خۆی دوورکەوتۆتەوە، گەورە بووە، جگە لەمە لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا داخوا چ بەڵایەکیان بەسەرهێنا بێت! دەنگی ئاواز و شەیپوورەکانی زەماوەند دەبیستڕا، تیشکی ئارامیی هەتاوی پاییز لە دەوروبەرمانیدەداو ڕەحمانی کابولی لە ماڵە بچووکەکەم لە کەلکەتە ڕۆنیشتبوو، وێنەی چیاکانی ئەفغانستان لە ڕووبەڕووی خۆیدا دەدیت.

دەستم بۆ گیرفانم برد و ئەسکیناسێکی درشت کە هەموو خەرج و موخاریجی زەماوەندی کچەکەمبوو دەرهێنا و دامێ و لە کاتێکدا قوڵپەی گریان گەرووی ڕێکدەگوشیم وتم:

- ڕەحمان بۆ لای کچەکەت بگەڕێوە، لەوانەیە خۆشحاڵییەکەت بە بینینی وێنەی دووبارەی ئەو، کچەکەی منیش بەختەوەر بکات.

دیارە من بە دانی ئەم پارەیە بەو نا چاربووم بەشی هەرە زۆری مەراسیمی زەماوەندی کیژەکەم لابەم. ئیتر نەمدەتوانی ئەو کارەبایەی بۆ ئەو شەوە پێویستبوو لە شارەداری بکرم، یان تاقمی ئۆرکێسترای سەربازیی بانگ بکەم و خانمانی تایفەش لەم ڕووداوە تووڕەو ناڕەحەت بوون، بەڵام لە ڕوانگەی منەوە جەژنی زەماوەندی کچەکەم ((مینی)) زۆر بە شکۆتر ببوو. چونکی لەوێ لە وڵاتێکی دوورەوە باوکێکی گوم بوو دوای ساڵانێک جیایی تەنیا کچەکەی لە ئامێز دەگرت!

**سەرچاوە:**

بهترین داستانهای کوتاه دنیا، انتشارات فرهنگ و هز انتخاب و مقدمە: مهران برد بار، علیرضا مەتضوی کرونی، چاپ اول بهار ١٣٦٨.

**پەراوێز:**

١.Ramduyal.

٢.Bahoola.

٣.Kanchanlata.